**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە : ٥٤٣٣ لە ٢٠١٧/١٢/١٤**

## بڕیاری
## ژمارە ( ١٢٧ )ی ساڵی ٢٠١٧

لەسەر پێشنیاری وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی بەنووسراویان ژمارە (١٩٢) لە ٢٠١٧/٣/٢٢ ، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٧) لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١٢/٥ ، و لەبەر ڕۆشنایی بڕگەی (حەوتەم) لە ماددەی (دووەم) لە یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، و لە چوارچێوەی ماددەکانی (٥٢) تاوەکو (٥٦) لە یاسای چاودێری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢٦)ی ساڵی ١٩٨٠ هەمووارکراو ، بڕیاردرا بە :

١- پەسندکردنی دامەزراندنی ( مەڵبەندی دەستنیشانکردنی پەککەوتەیی – المركز التشخيصي للعوق) لە پێکهاتەی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی .

٢- ڕاسپاردنی وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بە پیادەکردنی ئەو دەسەڵاتەی پێیدراوە بەپێی بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (حەوتەم) لە یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ بۆ جێبەجێکردنی کاری یاسایی پێویست سەبارەت بە بڕگەی (١)ی ئەم بڕیارە بەمەرجێك دامەزراندنی ئەم مەڵبەندە نەبێتە هۆی بارگرانی دارایی لەسەر وەزارەتی دارایی و ئابووری ، و سوود وەربگیرێت لە فەرمانبەران و کارمەندانی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و دامەزراوەکانی وەزارەتەکانی تری هەرێمی کوردستان بۆ پڕکردنەوەی میلاکی مەڵبەندەکە .

٣- وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکەن.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**